هەموارکردنەوەی یاسای دادگای فیدراڵی پەسەندکرا

لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراق، دوای گفتوگۆکردن بنەما سەرەکییەکانی هەموارکردنەوەی یاسای دادگای فیدراڵی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەکەوە پەسەندکرا.
ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراق لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە، ئەمە یەکشەممە ئەنجومەنی دادوەری باڵا دانیشتنی ئاسایی خۆی بە ئامادەبونی فائیق زەیدان سەرۆکی دەستەی دادوەری ئەنجامدا.

ئاماژەی بەوەشکراوە، لە کۆبونەوەکە ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەیاری پلەبەرزکردنەوەی ژمارەیەک لە دادوەر و ئەندامانی ئەنجومەنەکەی پەسەندکرد، کە لەلایەن سەرکایەتی دادگاکانی تەهەچونەوە پێشنیاز کرابون.

ئەوەشخراوەتەو،گفتوگۆ لەبارەی رەشنوسی هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی کرا، دوای گفتوگۆکانیش ئەنجومەنی دادوەری باڵا بنەما سەرەکییەکانی هەموارکردنەوەی یاسای دادگای فیدراڵی پەسەندکرد.